وانەی (٢٠)

١	نوێژ

ڕابەری کۆمەڵەکە : نوێژ بکەو کۆمەڵەکەت وئەم پرۆگرامی ڕاهێنانە تەرخان بکە تایبەت بە مزگێنیدان و بانگەوازی شانشینی خودا .

٢	بەشداریکردن (٢٠ خولەك) زەبورەکان

بە نۆرە بەشداری بکەن و پەڕاوی تایبەتی خەڵوەتی ڕۆحیتان **بخوێننەوە** ئەوەی فێری بوون لە خەڵوەت و تێڕامانەکانتان لەو بەشە دیاریکراوەی کتێبی پیرۆز (زەبور ٢٣، ٢٤ ، ٢٥ ، ٢٧) گوێ بگرن لە ئەو کەسەی بەشداری دەکات ، بەشێوەیەك مامەڵەی لەگەڵ بکەن هەست بکات ئەوەی دەیڵێ جێی بایەخی ئێوەیە ، پێشوازی لێبکەن . مشتومڕی لەگەڵ مەکەن لەو بابەتەی بەشداری پێدەکات ، تەنها تێبینیەکانت بنوسەوە .

٣	لەبەرکردن (٥خولەك) ڕۆما ٥: ١- ٢

بە شێوەی گروپی دوانەیی (دوو باوەڕدار پێکەوە **پێداچوونەوە** بکەن ، بۆ ڕۆما ٥: ١- ٢ .

٤	فێرکردن (٨٥ خولەك) ڕۆما ٥: ١٢- ٢١

پێشەکی : پوختەی ڕۆما ٥: ١- ١١ هەندێ بەرەکەت بوو لە دەرئەنجامی بێتاوان بوونەوە وە ڕۆما ٥: ١٢- ٢١ پێداگری دەکات لەسەر دۆخی یاسایی باوەڕدار کە بێتاوان بوە لەبەرچاوی خودا .

هەنگاوی ١: بخوێنەوە . وشەی خودا
پێکەوە ڕۆما ٥: ١٢- ٢١ **دەخوێنینەوە** .
بە نۆرە هەر کەسێ ئایەتێك بخوێنێتەوە تا هەموو ئایەتەکان بە تەواوی دەخوێنینەوە .

هەنگاوی ٢: ئاشکرای بکە. تێبینیەکان
بیرکەوە . ئەو ڕاستیە کامەیە پێت وایە گرنگە بەلاتەوە سەبارەت بە خۆت لەم ئایەتانەدا ؟ یان لە کۆی گشتی ئەم ئایەتانە کام ڕاستیە چووە ناو هۆش و دڵتەوە ؟
بنوسە . یەك یان دوو ڕاستی ئاشکرا بکە کە تێگەیشتووی لێی . بیریان لێبکەوە و بیرۆکەکانت بنوسە لە پەڕاوەکەتدا .
بەشداری بکە. (دوای ئەوەی ئەندامان کاتێك بەسەردەبەن لە بیرکردنەوەو نوسینەوە ، بە نۆرە بیرۆکەکانتان بەشداری پێبکەن).
هەریەکێکمان بەشداری دەکەین لەو شتانەی کە ئاشکرا کران لەلایەن ئەندامانەوە .
(لەیادت بێت لەهەر کۆمەڵەیەکی بچوکدا ، ئەندامانی کۆمەڵەکە بە شێوەیەکی جیاواز بەشداری دەکەن).

ڕۆما 5: ١٢- ١٩

<u>ئاشکراکردنی ١: بەراورد لە نێوان ئادەم ومەسیح ڕوونی دەکاتەوە کە خودا بەئاسانی مامەڵەناکات لەگەڵ خەڵکی لەسەر بنەمای تاك وبەس ، بەڵکو لەسەر بنەمای یەکێتیان یان لەگەڵ ئادەم وەیان لەگەڵ مەسیح .</u>

لەیەکچوون هەیە لە نێوان کەوتنی ئادەم و هەستانەوەی مەسیح . چونکە بێتاوان بوونی هەر باوەڕدارێك لە مەسیحدا بابەت و شرۆڤەی کەوتنی هەموو مرۆڤێك دەکات لە ئادەمدا .

أ. ئایەتی ١٢ بەشی یەکەم تەنها بەراورد ڕوون دەکاتەوە : وەك چۆن ئێمە حوکمدراوین لە ئادەمدا بەهەمان شێوە بێتاوان دەبین لە مەسیحدا .

وەك چۆن گوناهەی ئادەم سەرەتای حوکمدانی بە مردن هێنایە کایەوە بۆ هەموو خەڵکی سەر زەوی ئەو بەپێی ڕۆما ٥: ١٨- ١٩ ڕاستودروستی مەسیح سەرەتای بێتاوانبوون وژیانی بۆ هەموو باوەڕدارێك بە مەسیح هێنایە کایەوە !

ب. ئایەتەکانی ١٣- ١٤ ڕوونی دەکاتەوە کە سەرپێچی ئادەم وگوناهەکەی هۆکار بوون بۆ کەوتنی ڕەگەزی ئادەمیزاد .

ج. ئایەتەکانی ١٥- ١٧ ڕوونی دەکاتەوە کە هاوشێوە بوونی نێوان کەوتن و ڕزگاریی تەریب وهاوسەنگ نین بە تەواوەتی .

د. ئایەتەکانی ١٨- ١٩ شرۆڤەیەکی تەواوی ئەوەمان بۆ دەکات کە ئێمە تۆمەتبارین لە ئادەمدا بەڵام هاوکات بێتاوان دەبین لە مەسیحدا .

ڕۆما ٥: ٢٠- ٢١

ئاشکراکردنی ٢: پوختەی بەرابەریی نێوان گوناهەی مرۆڤ و نیعمەتی خودا .

أ. شەریعەت هات بۆ زیادکردنی گوناهە .

لە ماوەی نێوان ئادەم ومەسیح شەریعەت هات ، شەریعەت ئاماژەیە بۆ سەرجەم شەریعەتی موسایی واتە تەواویی سیستەمەکانی پەیمانی کۆن ، ئەم شەریعەتە هات لە ماوەی نێوان ئادەم ومەسیح بەمەبەستی بەدەست هێنانی ژیانی تاهەتایی نا ، بەڵکو وەك ئامرازێک بۆ هەستکردن و زانین

لە مەزنایەتی گوناهەو مردن و گرنگی و پێویست بوون بە ڕزگاریی ، گەڵاتیە ٣: ٢٤ ؛ ڕۆما ٤: ١٥ ؛ ڕۆما ٧: ١١، ١٣ .

ب. بە زیادبوونی گوناهە ، نیعمەتی خودا زیاد دەکات بەشێوەیەکی مەزنتر .

پلانی خودا وابوو کە لەناخ وقوڵایی خراپەی مرۆڤدا چاکە دەربهێنێ ، بۆیە مەبەستی بوو کە بەزیادبوونی خراپەی گوناهە ، نیعمەت زۆر زیاد بکات ، هەموو گوناهەکانی جیهان بوە هۆی دەرکەوتنی نیعمەتی خودا بەشێوەیەکی جوان ، لەگەڵ ئەوەی شەریعەت تا ئێستا ئامرازێکی کاریگەرە بۆ زیادکردنی گوناهەو تاوان کە خەڵکی ئەنجامی دەدەن لەگەڵ ئەوەشدا دەرکەوتنی نیعمەتی خودا بوە ئامرازێکی مەزنتر بۆ دەستەبەربوونی بێتاوانی و ژیان .

<u>هەنگاوی ٣: پرسیار</u> . ڕونکردنەوە

بیربکەوە : حەز دەکەی کام پرسیارە بخەیتە ڕوو بۆ کۆمەڵەکە لەبارەی ئەم بەشەی کتێبی پیرۆز؟ باشترە هەوڵ بدەین هەموو ئەو ڕاستیانەی ڕاگەیەنراون لە ڕۆما 5: 12- 21 ، تێ بگەین ، وە ئەو شتانەی تا ئێستا لێی تێنەگەیشتووین پرسیاری لەبارەوە بکەین.

بنوسە: وریا بە لە شێوازی پرسیارەکەت هەوڵ بدە ڕوون بێت ، دواتر پرسیارەکەت لە پەڕاوەکەتدا بنوسەوە.

بەشداری بکە : (دوای ئەوەی ئەندامان کاتێك بەسەردەبەن لە بیرکردنەوەو نوسینەوە ، یەکەمجار داوا لە هەر یەکێکیان بکە پرسیارەکانیان بخەنە ڕوو).

گفتوگۆ بکە : (دوای ئەوە ، هەندێ پرسیار هەڵبژێرە وە هەوڵ بدە لە ڕێگەی گفتوگۆکردنەوە بە یەکسانی لەگەڵ کۆمەڵەکەتدا وەڵامی بدەوە). (ئەمانەی خوارەوەش نموونەن بۆ هەندێ پرسیار ڕەنگە ئەندامانی کۆمەڵەکە بیخەنە ڕوو، وە هەندێ تێبینی بەسودن بۆ بەڕێوەبردنی گفتوگۆکردن سەبارەت بە پرسیارەکان).

ڕۆما 5: 14

پرسیاری ١ : پۆڵس مەبەستی چیە کە دەڵێت ئادەم هێمایەك بوو بۆ عیسای مەسیح ؟

تێبینیەکان .

پۆڵس فێرمان دەکات کە هەموو مرۆڤێك لە جیهاندا دەبێت بوەستێت بەشێوەیەك لەم شێوانە و پەیوەندی دیاریکراوی هەیە بە ئادەم و مەسیحەوە ، بەهۆی سەرپێچی کردنی ئادەمەوە هەموان دەوەستین بە تاوانباریی لەبەردەم خودا بەڵام بەهۆی کارە ڕاستودروستیەکەی ڤمەسیح واتە مردنی و هەستانەوەی ئەوا باوەڕداران بە عیسای مەسیح بێتاوان دەبن ، ڕۆما ٥: ١٢ .

أ. ئەم سەردەمەی ئێستامان پێداگری دەکات لەسەر تاکڕەوی .

ڕۆما ٥: ١٢ .

ب. کتێبی پیرۆز فێری یەکێتی ڕەگەزی مرۆڤ پێکەوە و فێربوون لە بەرپرسیارێتی کەسێتیمان دەکات . حەزقیال ١٨ ؛ یەرمیا ١٦: ١٠- ١٣ ؛ دە ڕاسپاردەکە لە دەرچوون ١٠ ؛ دەرچوون ٢٠: ٥- ٦ ؛ ڕۆما ٥: ١٢- ١٩ . لەئایەتی ١٩ پۆڵس دەڵێت گوێرایەڵی کردنی یەك مرۆڤ عیسای مەسیح لە یۆنانیدا کاتیزتەمی زۆرێک لە خەڵکی بێتاوان دەکات . هەروەها بڕوانە زەبور ٥١: ٥ ؛ ئەیوب ١٤: ٤ ؛ ڕۆما ٥: ١٢- ١٩ .

ڕۆما ٥: ١٥- ١٧

پرسیاری ٢: کاری مەسیح مەزنترە لەکاری ئادەم . چۆن ؟

تێبینیەکان .

ڕۆما ٥: ١٥- ١٧ ڕوونی دەکاتەوە .

أ. ڕزگارمان دەبێت بەڵام بەتەنها لە سزای یاخی بوون نا یەك ئادەم بەڵکو لە سزای یاخی بوونە زۆرەکان کەسایەتی هەروەها .

ب. مەسیح بە نیعمەتە ئەڕێنیەکەی زیاتر کاری کرد لە کارە کاولکاریەکەی ئادەم ئایەتی ١٧ .

یاخی بوونی ئادەم هەموو شتێکی جوڵاند بەرەو نەڕێنی بەرەو حوکمدانی مردنی دادپەروەرانە ، بەڵام ڕاستودروستی مەسیح وای کرد هەموو شتەکان بڕۆن بەرەو ئەڕێنی ، حەزقیال ١٨: ٢٣؛ ٣٣: ١١ ؛ ڕۆما ٥: ١٥، ٢٠ ، ٢١ .

ڕۆما ٥: ١٨

پرسیاری ٣ : ئایا کتێبی پیرۆز فێرمان دەکات کە هەموو خەڵکی ڕزگاریان دەبێت ؟

تێبینیەکان .

ئایەتی ١٨ ئەگەر لە چوارچێوەکەی خۆیدا دەربکرێ وەکو ئەوە وایە فێربکات کە هەموو مرۆڤەکان ڕزگاریان دەبێت . گوزارش کردن لە هەموو ئادەمیزاد کە بەکارهاتوە لە کتێبی پیرۆز هەمیشە بە واتای ئەوە نیە هەر کەسێک بژی لەسەر ڕووی زەوی بە بێ جیاوازی.

أ. دەبێت دەستەواژەی گشتگیری "هەموان " بەپێی مەرجی پیویست بێت کە گرێدراوە بە بەرەکەتەوە .

ڕۆما ٥: ١٧ ئاماژە بەو مەرجەی بێتاوانیی دەکات .

ب. دەبێت دەستەواژەی گشتگیر تایبەت بێت بە سروشتی بابەتەکە یان چوارچێوەکە . بڕوانە مەرقۆس ١: ٣٧ ؛ ٥: ٢٠ ؛ ١١: ٣٢ ؛ ١کۆرنسۆس ١٥: ٢٢- ٢٣ .

ج. دەستەواژەی گشتگیر "هەموو" بەکار دێت بۆ دژایەتی هەڵوێستی ناچاری گشتگیری هەڵە لەلای جولەکە بە گشتی کاتێ دەڵێن ئەوان باشترن لە نەتەوە ناجولەکەکان .

پۆڵس پێداگری دەکات کە جیاوازی نیە لە نێوان جولەکەو ناجولەکە چونکە هەموو خەڵکی ڕزگاریان دەبێت ئەگەر جولەکە بێت یان لە نەتەوەکان بەهەمان شێوە ڕزگاریان دەبێت ، کردار ١٠: ٣٤- ٣٥ ؛ ڕۆما ٢: ١١ ؛ ٣: ٢٢ ؛ ١٠: ١٢ ؛ یۆحەنا ٣: ١٨ ، ٣٦ .

<u>هەنگاوی ٤</u>: <u>پەیڕەوی بکە</u>. **پەپڕەوکردن**

بیربکەوە : چی ڕاستیەك لەم بەشەی کتێبدا هاتوە دەشێ باوەڕداران بە شێوەی پراکتیك پەیڕەوی بکەن ؟

بەشداری بکەو بنوسە: وەرن پێکەوە بیربکەینەوە و هەندێ پەیڕەوکردن بنوسینەوە تەواو بکەین لە ڕۆما ٥: 12- 21 .

بیربکەوە : ئەو پەیڕەوکردنە پێشنیارکراوە کامەیە کە خودا دەیەوێ بیگۆڕێ بە پەیڕەوکردنی کەسێتی ؟

بنوسە : ئەم پەیڕەوکردنە کەسێتیە بنوسە لە پەڕاوەکەتدا. بەشداری بکە بە ئازادی لەو پەیڕەوکردنە کەسێتیەی کە خودا داینناوە لەسەر دڵت.

(لەیادت بێت ئەندامانی هەموو کۆمەڵەیەك ڕاستیە جیاوازەکان پەیڕەودەکەن ، یان لە هەمان ڕاستیدا پەیڕەوکردن ی جیاواز دەردەهێنن . ئەمانەی خوارەوە هەندێ پەیڕەوکردنی پێشنیارکراون).

<u>١- نمونە لەسەر پەیڕەوکردنی پێشنیارکراو لە ڕۆما 5: 12- 21 .</u>

5: ١٢ : دەزانم کە خودا نەك تەنها گوناهە زۆرەکانم بەڵکو دۆخی تاوانباریم بەشێوەی شەریعەتی و یاسایی هەروەها لەبەرچاو گرتوە کە دەگەڕێنەوە بۆ یەکبوونم لەگەڵ ئادەم .

٥: ١٣- ١٤ : دەزانم کە گوناهەی ئادەم گەیشتە منیش وەکو مرۆڤ سروشتی بۆ دۆخی حوکمدانی یاسایی ، چونکە ئادەم وای کرد پێویستم بە

کڕینەوە هەبێت بەتەواوەتی ! وە دەزانم هەروەها ڕاستودروستی مەسیح مردنی و هەستانەوەی لە پێناومدا و لەبری من وەك باوەڕدار بە مەسیح دەمگەیەنێتە دۆخی یاسایی وەکو بێتاوان بەشێوەی شەریعەتی ویاسایی ، چونکە مەسیح منی کڕیەوە !

٥: ١٧- ١٩ : دڵنیابە بەتەواوەتی کە نیعمەتی خودا ئەوەی لە ڕێگەی عیسای مەسیحەوە هات سەرکەوتوو دەبێت بەسەر گوناهەکانی مرۆڤدا ئەوەی ئادەم بەهۆی کەوتنەکەیەوە هێنایە جیهان ، وە دڵنیابە بەتەواوەتی کە خودا نیعمەت دەبەخشێت زیاترو زیاتر لە حوکمدان .

٥: ٢٠ : شەریعەت دە ڕاسپاردەکەی وەك نمونە بەکار هێنا لە کتێبی پیرۆزدا بۆ تێگەیشتن لە گوناهە بەشێوەی باشتر وە زانینی ئەو ڕاستیەی کە گوناهباران لە دۆخی سروشتیاندان .

٢. نمونە لەسەر پەیڕەوکردنی کەسێتی :

أ . نامەوێ مامەڵەکردنی خودا لە بیر بکەم لەگەڵ خەڵکی نەك تەنها وەکو تاك بەڵکو لەسەر ئاستی پەیوەندیەکانیان وبەکبوونیان لەگەڵ ئادەم یان مەسیح ، دەمەوێ لەبیرم بێت کە ژیانی کەسێتیم کاریگەری دەبێت لەسەر خودی خۆم و خەڵکی تر و بەتایبەتی منداڵەکانم .

ب. هەست بە دڵخۆشیەمی مەزن دەکەم کاتێ دەزانم کاریگەری نیعمەتی جاکەی خودا لەم جیهانەدا زۆرمەزنترەو پێوانە ناکرێت و بەروارد ناکرێ بەرامبەر بە کاریگەری گوناهەو خراپەکاریی ئەم جیهانە !
دەمەوێ نیعمەتی خودا کە سەردەکەوێ بەسەر گوناهەی مرۆڤدا لە بیرم نەچیت ، دەمەوێ لەیادم بێت کە من نیعمەتی خودا لە ژیانمدا دەردەکەوێ بە ڕاستودروستیم بە باوەڕ بە عیسای مەسیح و ژیانی نوێ وبێتاوانیی لەگەڵ عیسای مەسیح لەم جیهانەدا .

هەنگاوی ٥: نوێژ بکە **هاتنەدەنگ**

بە نۆرە نوێژ دەکەین ، هەریەکێك سەبارەت بە یەك ڕاستی کە خودا فێری کردین لە ڕێگەی ئایەتەکانیەوە لە ڕۆما 5: 12- 21 .

(بەدەنگەوە هاتنت لە نوێژەکەتدا بۆ ئەو شتەی فێری بوویت لە وانەی ئەم کتێبەدا). پرۆژە بکەن لەسەر نوێژی کورت کە پێکهاتبێ لە ڕستەیەك یان دوان . لە یادت بێت ئەندامانی هەر کۆمەڵەیەك دەکرێ نوێژ بکەن سەبارەت بە کاروباری جیاواز تر).

٥	**نوێژ** (٨ خولەك) **نوێژی داکۆکیکاری**

بەردەوام بن لە نوێژ لە شێوەی کۆمەڵەی دووانەیی یان سیانی . نوێژەکانتان بەرز بکەنەوە لە پێناوی یەکتر و لە پێناوی خەڵکی جیهان.

٦	**ئەرکی ماڵەوە** (دوو خولەك) **بۆ وانەی داهاتوو**

ڕابەری کۆمەڵەکە . ئەرکی داهاتوو بدە بە ئەندامانی کۆمەڵەکەت بە شێوەی نوسراو ، یان داوایان لێ بکە لە پەڕاوەکانیاندا بینوسن.

١- بەڵێن . بەڵێندان بە ڕاهێنانی قوتابیەکانی خوداوەند و بونیادنانی کڵێسای مەسیح و جارِی موژدەی شانشینیی .

٢- وتاری ئامۆژگاری یان فێرکردن ، یان وانە دابەشکردن (لەگەڵ کەسێکی تر یان لەگەڵ کۆمەڵێکدا) ڕۆما 5: 12- 21.

٣- خەڵوەتی ڕۆحی . چێژ وەربگرە لە خەڵوەتی ڕۆحی لەگەڵ خودا و هەموو ڕۆژێك هاوکاری وەربگرە لە نیوەی بەشێك لە زەبور 31، 32، 33 ، 34 . باشترین شێوازی ڕاست بەکاربهێنە و تێبینیەکانت بنوسەوە .